FIRE WALL
Security System

# F9/F10

## USER MANUAL




## ڕێنمایی بۆ دامەزراندن و وەکارخستن

# خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە وەکارخستن

**شێوازی وەکارخستنی ئامێرەکە:**

لە ئامێری دزگری فایروالی سیمکارتی، چالاککردنی ئامێرەکە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی و پاش داخڵکردنی ژمارە تەلەفونی سەرۆکەکەوە ئەنجام دەدرێت.

جاروبار و بە هۆی چەند هۆکارێکی جیاوازەوە پرۆسەی چالاککردنی ئۆتۆماتیک ڕاستی کێشە و خەلەل دەبێتەوە. لەم دۆخانەدا، ئێوەی بەڕێز دەتوانن بە سوودوەرگرتن لە ئەپی بەرنامەکەوە، کۆدی چالاککردنەوە وەربگرن و بە شێوەی دەستی تۆمار و پاشان چالاکی بکەنەوە.

پاش دابەزاندن و دامەزراندنی ئەپەکە لە ماڵپەڕی KU.FIREWALLCO.BIZ ـەوە، بڕۆنە ناو بەشی ڕێکخستنی ئەپەکە و بژاری کۆدی چالاککردنەوە هەڵبژێرن.

پاشان لاپەڕەیەک دەکرێتەوە کە ئەم سێ بژارەی خوارەوەی تێدایە:

١- ژمارەی زنجیرەی (تسلسل) ئامێرەکە: پاش تۆمارکردنی ژمارەی یەکەم لە سەر ئامێرەکەدا دەتوانن ژمارەی زنجیرەی ئامێرەکە لە سەر شاشەکەیەوە ببینن کە لە پیتێکی ئینگلیزی و ١٥ دانە ژمارە پێکهاتووە. نموونەی ژمارە زنجیرەی ئامێر:

١٢٣۴٥۶٧٨٩۴٥۶٧٨٩ پیتێکی ئینگلیزی (U,V, ...)

٢- ژمارەی سیمکارتی سەرۆک

٣- ژمارەی سیمکارتی ئامێرەکە

پاش داخڵکردنی ئەمانەی سەرەوە و ئۆکەی کردن، کۆدی چالاککردنەوەی 6 ژمارەیی پیشان دەدرێت.

پاش داخڵکردنی کۆدی چالاککردنەوەکە، ئامێرەکە چالاک دەبێت.

## خاڵی گرنگ سەبارەت بە وەکارخستن و مەرجەکانی گەرەنتی

ئەگەر بەرهەمەکان لە لایان تەکنیککاری تایبەت بە سیستەمە پاراستنییەکانەوە دانەمەزرێت و کەلوپەل و کەرەستەی نائیستاندارد بەکاربهێنرێت، لە هەر دۆخێکدا گەرەنتی پووچەڵ دەبێتەوە.

لە پاش وەکارخستندا، دەبێ بۆ دەستپێکردن و تۆمارکردنی گەرەنتی، ژمارە تەلەفوونی ئەو کەسەی ئامێرەکەی دامەزراندووە بنێرن تا کورتەپەیامی پشتڕاستکردنەوەتان بۆ بێتەوە.

# پێڕست


دامەزراندنی ئامێرەکە ٤
ئیمکانیاتی ئامێرەکە ٥
١- چراکانی پیشاندەر دۆخ ٦
١-١- AC ٦
١-٢- BAT ٦
١-٣- TEL ٦
١-٤- GSM ٦
١-٥- ARM ٦
١-٦- S.ARM ٧
١-٧- ALARM ٧
١-٨- LED, LED2,..., LED8 ٧
٢- شاشەی کوردی ٧
٣- پانێلی دوگمەکان ٧
٤- ترمیناڵەکانی تیچوون و ئاوتپوتنی ئامێرەکە ٧
٤-١- In1-,In2-,...,IN6- ٧
٤-٢- IN7+,IN8+ ٨
٤-٣- INT.MIC ٨
٤-٤- EXT.MIC ٨
٤-٥- OUT1, OUT2,..., OUT7 ٨
٤-٦- TELEPHONE ٨
٤-٧- +SPK-GND-SIR+ ٨
٤-٨- +BAT - GNDS -AUX+ ٩
٥- ئاستی دەستڕاگەیشتنی بەکارهێنەران ٩
٥-١- وشەی نهێنیی سەرۆک(ADMINS) ٩
٥-٢- وشەی نهێنی بەڕێوەبەرەکان(MANAGERS) ٩
٦- بەشەکانی ئامێرەکان ١٠
٧- دۆخەکانی زۆنەکە ١٠
٧-١- دۆخی ئاسایی ١٠
٧-٢- دۆخی تەخیری ١١
٧-٣- دۆخی ٢٤کاتژمێری ١١
٧-٤- دۆخی دینگ دانگ ١١
٧-٥- دۆخی شاراوە ١١
٨- تەخیری پانێلی دوگمەکان ١٢
٩- کاتی زۆنی تەخیری ١٢
١٠- جۆری هاندانی تەلەفوونکەر ١٢
١٠-١- هاندانی لێوار(EDGE) ١٣
١٠-٢- هاندانی ئاستی(LEVEL) ١٣

## پێڕست


١١- وڵتاژی پاتری و ئاوتپوتی AUX ..... ١٣
١٢- پەیامە دەنگییەکانی ئامێرەکە ..... ١٣
١٣- ئاگادارکەرەوەی کارەبای ڕەئیسی ..... ١٣
١٤- ئاگادارکەرەوەی لاوازبوونی پاتری ..... ١٣
شێوازی ئیشکردنی ئامێرەکە ..... ١٤
١- ڕیمۆت ..... ١٤
٢- پانێلی دوگمەکان ..... ١٤
٢-١- کۆنترۆڵکردنی دزگرەکە ..... ١٤
٢-٢- پرۆگرامکردنی ئامێرەکە ..... ١٤
٣- کورتەپەیام ..... ١٥
٣-١- کۆنترۆڵکردنی دزگرەکە بە کورتەپەیام لە لایان بەڕێوەبەرەوە ..... ١٥
٣-٢- کۆنترۆڵکردنی دزگرەکە بە کورتەپەیام لە لایان سەرۆکەوە ..... ١٦
٤- ئەپی ANDROID و IOS ..... ١٧
٥- تەلەفوونکەر ..... ١٨
٥-١- بیستنی دەنگی دوورووبەر ..... ١٨
٦- کۆنترۆڵکردنی ئامێرەکە لە کاتی هاندران لە ڕێگای تەلەفوونەوە ..... ١٨
وایەربەندیی ئامێرەکە ..... ١٩
ڕیستکردنی ئێمرجنسیی وشە نهێنییەکان ..... ٢٠
پرۆگرامکردنی ئامێرەکە ..... ٢١
١- ڕێکخستنی تەلەفوونکەرەکە ..... ٢١
١-١- دیتن، پاشکەوتکردن و سڕینەوەی ژمارە تەلەفوونەکە ..... ٢١
١-٢- گۆڕینی کۆدی (پێش ژمارەی) شار ..... ٢١
١-٣- گۆڕینی کۆدی (پێش ژمارەی) وڵات ..... ٢٢
١-٤- گۆڕینی ژمارەی لێدانی جەرەسی وەڵامی تەلەفوونکەرەکە (تەلەفوونی نۆرماڵ) ..... ٢٢
١-٥- تاقیکردنی ناردنی کورتەپەیام و تەلەفوونکردن ..... ٢٢
١-٦- دیتنی وەحدەی سیمکارت گۆڕینی پەیرەوی چۆنیەتیی ..... ٢٢
١-٧- وەحدەتێکردن بۆ سیمکارت ..... ٢٣
١-٨- چێککردنی وەحدەی سیمکارت ..... ٢٣
١-٩- گۆڕانی مۆدێلی هاندان ..... ٢٣
١-١٠- دۆخی تەلەفوونکەری سیمکارتی ..... ٢٣
١-١١- دۆخی تەلەفوونکەری نۆرماڵ ..... ٢٤
١-١٢- جێبەجێکردنی کۆدی USSD ..... ٢٤
٢- ڕێکسختنی کەرەستە بێوایرەکان ..... ٢٤
٢-١- ڕیمۆت ..... ٢٤
٢-٢- هەستەوەر ..... ٢٥
٣- ڕێکخستنی دزگری دووکان و شوێنە بازرگانییەکان ..... ٢٦
٣-١- گۆڕینی ئاوتپوتی دەنگی هاندان ..... ٢٦

# پێڕست


٣-٢- گۆڕینی کاتی دەنگی هاندان ٢٦
٣-٣- گۆڕینی ئاوتپوتی دەنگی قوفڵ و کرانەوە ٢٧
٣-٤- گۆڕینی جۆری زۆنەکان ٢٧
٣-٥- گۆڕینی ماوەی تەخیری پانێلی دوگمەکان ٢٧
٣-٦- گۆڕینی کاتی زۆنی تەخیری ٢٨
٣-٧- تاقیکردنی زۆنەکان ٢٨
٤- ڕێکخستنە سەرەکییەکانی ئامێرەکە ٢٨
٤-١- ڕێکخستنی کات و ڕێکەوت ٢٨
٤-٢- گۆڕێنی وشە نهێنییەکان ٢٨
٤-٣- ریستی گشتی ٢٩
٤-٤- چێککردنی ژمارە زنجیرەی ئامێرەکە ٢٩
٤-٥- ئاگاداربوون لە دۆخی ئامێرەکە ٢٩
٤-٦- ئاپدەیت کردن ٢٩
٥- ڕێکخستنەکانی تایبەت بە دەنگ ٢٩
٥-١- تۆمارکردنی دەنگ ٢٩
٥-٢- چێککردنی دەنگ ٢٩
٥-٣- سڕینەوەی دەنگ ٢٩
٦- ڕێکخستنی کردارە ئۆتۆماتیکەکان ٣٠
٦-١- کۆنترۆڵکردنی کورتەپەیامی و قوفڵ و کردنەوە ٣٠
٦-٢- ئاگادارکەرەوەی کارەبای ڕەئیسی ٣٠
٦-٣- ئاگادارکەرەوەی شەحنی پاتری ٣٠
٦-٤- ئاگادارکەرەوەی پچرانی تەلەفوونی نۆرماڵ ٣٠
٦-٥- ئاگادارکەرەوەی نەمانی ئەنتێنیGSM ٣٠
٦-٦- ڕاپۆرتی تلێگرام ٣٠
٦-٧- ڕاگەیاندنی شەحن ٣١
٧- ڕێکخستنی ئاوتپوتەکان ٣١
٧-١- دۆخی هەمیشەیی ٣١
٧-٢- دۆخی ساتەوەختی ٣١
ڕاپۆرتی تلێگرام ٣٢
١- پێشەکی ٣٢
٢- چالاککردنی ڕاپۆرتی تلێگرام ٣٢
٣- وەرگرتنی ڕاپۆرتەکانی ئامێرەکە لە ڕێگای گرووپی تلیگرامەوە ٣٣
٤- وەرگرتنی ڕاپۆرتەکانی ئامێرەکە لە ڕێگای زلگرووپی تلیگرامەوە ٣٤
٥- وەرگرتنی ڕاپۆرتەکانی ئامێرەکە لە ڕێگای کاناڵی تلیگرامەوە ٣٤
٦- پووچەڵکردنی ئەندامێتی ٣٧

# دامەزراندنی ئامێرەکە

پێش ئەوەی بۆردی ئامێرەکە بخەنە جی خۆیەوە، هەموو سیمەکان داخڵ کەن.

پێش دانانی سیمکارت، دەبێ پینکۆدەکەی ناچالاک بکەین و دڵنیا بینەوە کە زمانی سیمکارتەکە ئینگلیزییە.

❗ حەتمەن دەبێ سیمکارتی تازە بخەنە ناو مۆبایل و لە ڕێگای کورتەپەیام و تەلەفوونکردنەوە چالاکی بکەنەوە.

دەبێ ئامێرەکە لە شووێنێک دامەزرێنن کە لایانی کەم 50% شەبەکەی هەبێ دەنا ئاگادارکەرەوەی نەبوونی شەبەکە دەنێردرێت.

پاش داگیرساندنی ئامێرەکە و بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری ڕێکخستنەکەی، دەبێ حەتمەن ژمارەی سەرۆک لە دەفتەری یەکەمی دەفتەری تەلەفوونی ئامێرەکەوە پاشکەوت بکرێت تا کۆدی ڕێکخستن بۆ ئامێرەکەتان بنێردرێت.

❗ بۆ ناردنی کۆد لە ڕێگای سێرویرەوە، حەتمەن دەبێ وەرگرتنی کورتەپەیامی ڕێکلامی بۆ سیمکارتەکە بلۆک نەکرابێت و سیمکارتەکە شەحنی پێویستی تێدابێت، چون ئەگەر وا نەبێ، کۆد نانێردرێت بۆ ئامێرەکە.

❗ ئەگەر بە هۆی هەر کێشەیەک کۆد نەگاتە ئامێرەکەوە، دەتوانن بە دامەزراندنی ئەپ لە مۆبایل و لە بەشی وەرگرتنی کۆد لە ئەپەکەدا، داوای کۆدی چالاککردنەوە بکەن.

❗ ئامێرەکە دەبێت زۆرتر لە 30 سەنتیم لە ئەشیاکانی دەوروبەریدا دووربێت. ئەم مەودایە بۆ ئەوە دابین دەکرێت کە ئامێرەکە ئیشەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی بەڕێوەببات و فێنک ببیتەوە.

❗ وایرەکان بە شێوازێک دانێن کە بە سەر ئەنتێن و بۆردی ئامێرەکەوە تێپەڕ نەبێت. پشتی ئامێرەکە چەندین جێگای بۆ داخڵکردنی وایرەکان تێدایە.

❗ بۆ ئەوەی ئامێرەکە باشتر ئیش بکات، ئەنتێنەکە تا کۆتایی ڕابکێشنە دەرەوە.

❗ ئەگەر شەبەکەی مۆبایل لاواز بێت، دەتوانن ئەنتێنی دەرەکی بەکاربێنن.

# ئیمکانیاتی ئامێرەکە

- تێستکردنی زۆنەکان
- ڕاگەیاندنی وەحدەی
سیمکارتەکە بە شێوە ئۆتۆماتیکی
- دەتوانین ناو لە سەر بەشەکان بنێین
(زۆنە وایردار و بێوایەرەکان، ڕیموتەکان، بەشەکان و ئاوتپوتەکان)
- جێبەجێکردنی کۆدی USSD
- شاشەی فارسی
- منۆیەکی سادە بۆ بەکارهێنان و بێژەری کوردی
- پشتەوانیکردن لە فرێکوێنسی 315MHz
- تەلەفوونکەری سیمکارتی و نۆرماڵ
- ٨ زۆنی وایرار و ٨ زۆنی بێوایەر
- ۴ بەشی سەربەخۆ کە دەتوانین کۆنترۆڵیان بکەین
- کۆدکردنی ڕیمۆتی سەربەخۆ بۆ هەر بەش
- کۆدکردنی هەستەوەرەکان لە زۆنی دڵخواز
- ئاگادارکەرەوەی لاوازبوونی پاتریی
هەستەوەری جووڵانەوەیH9 و شۆکی
هەستەوەری بێوایەری پلاس
- کۆدکردنی۶۴ دانە هەستەوەری بێوایەر و ۲۰
دانە ڕیمۆت بە پیشاندانی ID و فریکوێنس
- دیتن و سڕینەوەی ڕیمۆتەکان و هەستەوەرەکان
- کەمکردنەوەی وایەرکاری تایبەت بە زۆنە
وایردارەکان تەنها بە ٣ وایەر
- پەیوەستکردنی هەستەوەرە وایەردارەکانی
هاندانی + و -

- دامەزراندنی مایکی دەرەکی لە شوێنی دڵخواز
- شوێنی ئاوتپوتنی ئاژیر و ئێسپیکری دڵخواز
- خولگە بۆ شەحنکردنی زیرەکی پاتری
- بەستنی زۆنە ئازادەکان بە دیپسوئیچ
- خاوەن توانای کۆددانی ڕیمۆت بە کۆدی هاپینگ
(کۆدانێک کە قەد هەک ناکرێن)
- ڕاگەیاندنی ژمارەی زۆن وهەستەوەری هاندراو
لە ڕێگای کورتەپەیامی کوردی و بڵاوکردنەوەی
پەیامی دەنگیی کوردی
- کۆنترۆڵکردنی ئامێرەکە لە ڕێگای تەلەفوونکردن،
ناردنی کورتەپەیام، ڕیمۆت، ئەپ و پانێلی دوگمەکان
- ناردنی تەواوی ڕاپۆرتەکان و ئاگادارکردنەوەکانی
ئامێرەکە لە ڕێگای تلێگرامەوە
(چەتی تایبەت، گرووپی تلێگرامی و کاناڵ)
- کۆنترۆڵکردنی ئامێرەکە لە کاتی هاندراندا.
- ۲۲ مێمۆریی تەلەفوونکەر
- تۆمارکردنی ۱۸ پەیامی دەنگیی ۳۰ چرکەیی
بە شێوەی سەربەخۆ
- هاندانی لێواری و ئاستیی تەلەفوونکەر
- ۵ حاڵەتی جیاوازی ئاسایی، تەخیری، ۲۴
کاتژمێری، دینگ دانگ و شاراوە بۆ تەواوی زۆنەکان
کە دەتوانین هەرکامیان دڵخوازمان بێت هەڵبیژێرین.
- پیشاندانی دۆخی کارەبای رەئیسی، وڵتاژی پاتری و
AUX، بڕ و هێزی شەبەکە، دۆخی هێڵی تەلەفوونە
نۆرماڵەکە، پلەی گەرمای دەورووبەر، کات و ڕێکەوت
(کۆچی هەتاوی)
- ناردنی ئاکامی تەواوی کردارەکان بۆ سەرۆک لە
ڕێگای کورتەپەیامی کوردیەوە.

# ئیمکانیاتی ئامێرەکە

**چراکانی دۆخ پیشاندەری:**

**AC ـ١ـ١**

ئەم چرایە دۆخی کارەبای ڕەئیسیمان پێپیشان دەدات

سووری جێگیر :کارەبای سەرەکی هەیە

سووری چاوترووکینەر:کارەبای ڕەئیسی لاوازە

کووژراوبوونی چراکە: کارەبای ڕەئیسی لە بەردەستدا نییە

**BAT ـ١ـ٢**

ئەم چرایە دۆخی پاترییەکە پیشان دەدات

سەوزی جێگیر: پاترییەکە بە تەواوەتی شەحن کراوە

سەوزی چاوترووکینەر: پاترییەکە خەریکە شەحن دەبێت

سووری جێگیر: شەحنی پاترییەکە کەمە

سووری چاوترووکێنەر: شەحنی پاترییەکە زۆر زۆر کەمە یان خود پاترییەکە خراپە

**TEL ـ١ـ٣**

ئەگەر ئەم چرایە ڕۆشن بێت ئەوا هێڵی نۆرماڵ بە باشی پەیوەست کراوە

❗ جێگای ئاماژەیە کە چرایەکی تریش لە سەر بۆردی ئامێرەکەدا هەیە کە پەیوەستبوونی هێڵی تەلەفوونی نۆرماڵ بە شێوەی ڕەقامێری پیشان دەدات

**GSM ـ١ـ۴**

ئەم چرایە پیشاندەری دۆخی شەبەکەی مۆبایلە

**ARM ـ١ـ۵**

ئەم چرایە لە حاڵەتی چالاکدا (ARM) بە شێوەی جێگیر ڕۆشنە و لە کاتێکدا کە ئامێرەکە خەریکی چالاکبوونە چاودەترووکێنێت

❗ ئەم چرایە کاتێک دادەگیرسێت کە تەواوی بەشەکانی دزگرەکە چالاک (ARM) کرا بن

# ئیمکانیاتی ئامێرەکە

**S.ARM ـ١ـ٦**

ئەم چرایە لە حاڵەتی نیوە چالاکدا (SEMI.ARM) بە شێوەی جێگیر ڕۆشن دەمێنێت و لە حاڵەتێکدا کە ئامێرەکە خەریکە دەچێتە حاڵەتی نیوەچالاکدا (چالاکبوونەوەی یەک بەش) بە شێوەی چاوترووکاندن ئیش دەکات

❗ ئەگەر تەنانەت یەک بەشیش چالاک بووبێت ئەم چرایە ئیش دەکات

**ALARM ـ١ـ٧**

ئەم چرایە لە کاتی هاندانی ئامێرەکەدا دادەگیرسێت و پاش DISARM بوونی ئامێرەکە بە شێوەی چاوترووکاندن ئیش دەکات بۆ ئەوەی ڕووداوە هاندەرەکە بە بەکارهێنەرەکە ڕابگەیەنێت.

❗ بۆ سڕینەوەی مێمۆریی **ALARM**، تەنها دەبێ ئامێرەکە جارێک ARM و DISARM بکرێتەوە

**LED, LED2,...,LED8 ـ١ـ٨**

ئەم چرایانە لە سەر بۆردی ئامێرەکەدا دانراون و بە هاندانی هەر زۆنێک(کرانەوەی خولگەکەی چرای زۆنەکەی دادەگیرسێت و بە تەواوبوونی هاندانەکە دەکووژێتەوە.

❗ ئەم چرایانە تەنها بۆ تاقیکردنی ڕەقامێریی ئامێرەکە بەکاردێن

**٢ـ شاشەی کوردی:**

بۆ ئاسانکاری لە پیشاندانی ڕێکخستنەکان و دیتنی پەیامەکانی ئامێرەکە، شاشەیەکی کوردی لە سەر دەرگاکەدا دانراوە.

**٣ـ پانێلی دوگمەکان:**

بۆ چوونەناو منۆی ڕێکخستن، کۆنترۆلکردنی ئامێرەکە و دیتنی پەیامەکانی ئامێرەکە دەتوانن پانێلی دوگمەی سەر دەرگاکە بەکاربهێنن

**٤ـ ترمیناڵەکانی تێچوون و ئاوتپوتنی ئامێرەکە**

**IN1-,IN2-,...,IN6- ـ١ـ٤**

زۆنەکانی 1 تا 6ـی وایرداری ئامێرەکە، توانای پەیوەستبوونی هەستەوەری هاندانی نەرێنی (-)یان هەیە.

ئەم زۆنانە بە شێوەی NC ئیش دەکەن و بۆ بەستنی هەرکامیان دەبێ دیپسوویچی پەیوەندیدار بخەنە حاڵەت NO ـەوە.

### In7+, IN8+ -٤-٢

زۆنەکانی ٧ و ٨ ی وایرداری ئامێرەکە توانای پەیوەستبوونی هەستەوەری هاندانی ئەرێنی (+)یان هەیە. ئەم زۆنانە بە شێوەی NC ئیش دەکەن و بەستنی هەرکامیان دەبێ دیپسوویچی پەیوەندیدار بخریتە حاڵەتی NO ـەوە.

### INT.MIC -٤-٣

بۆ پەیوەستبوونی مایک لە سەر درگای ئامێرەکە، ئەم کانتەکتۆرە بەکاردەهێنرێت

### EXT.MIC -٤-٤

بۆ بیستنی دەنگی دەورووبەر لە برێ شوێنی تایبەت بە مایکی بێوایەر، دەتوانن ئەم کانتەکتۆرە بەکاربهێنن

❗ کاتێک مایکی دەرەکی پەیوەست دەبێت بە ئامێرەکەوە، مایکی سەر درگاکە لە خولگەکە دەردەچێت

❗ بۆ ئەوەی بکرێ مایکی دەرەکی پەویوەست بکرێتە ئامێرەکەوە، دەبێ مایکەکە خاوەن فیشی 2.5mm mono بێت.

### OUT1, OUT2, ..., OUT7 -٤-٥

ئامێری F10 خاوەن 7 جێگای ئاوتپوتنی سەربەخۆیە کە بە سوودوەرگرتن لەم ئاوتپوتانەوە دەتوانین ئەو کەلوپەلە کارەباییەی پێویستمانن کۆنترۆڵ بکەین.

❗ ئاوتپوتەکان بە رێلەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و دەتوانین کەرەستەی کارەبایی تا توانای 220V AC/7A یان بە شێوەی راستەوخۆ پێپەیوەست بکەین و ئەگەر کەرەستە کارەباییەکە تواناکەی زیادتر لەم رادەیە بێت. دەبێ کۆنتاکتۆر بەکاربهێنین.

❗ ئەم ئاوتپوتانە دەتوانن بە شێوازی ساتەوەختی و هەمیشەیی ئیش بکەن و پرۆگرامیش دەکرێن

### TELEPHONE -٤-٦

بۆ پەیوەستکردنی هێڵی تەلەفوونی نۆرماڵ بە تەلەفوونکەرەکە دەتوانین ئەم سوکێتە بەکاربهێنین.

### +SPK-GND-SIR+ -٤-٧

دەتوانین بۆ پەیوەستکردنی سپیکەری دەرەکی لە کانتەکتۆری -SPK+ و بۆ پەیوەستکردنی ئاژیری ئاگادارکەرەوە لە کانتەکتۆری GND-SIR+ سوود وەربگرین.

### ٤-٨- +BAT -GND -AUX+

بۆ پەیوەستکردنی پاتریی بەکاپ دەتوانن لە کانتەکتۆری +BAT GND سوودوەربگرن.

بۆ دابینکردنی کارەبای کەرەستە پەراوێزییەکان دەتوانن کانتەکتۆری +GND AUX بەکاربهێنن

❗ خولگەی شەحنکردنی پاتری بە فیوزێکی 4A و خولگەی دابینکردنی کارەبای AUX بە فیوزێکی 0.5A ـەوە دەپارێزرێن

❗ ئەگەر فیووزەکە بسووتێت، پەیامی پچرانی AUX دەنێردرێت

### ٥- ئاستی دەسپێراگەیشتنی بەکارهێنەرانی سەربەخۆ

ئامێرەکە خاوەن ٥ وشەی نهێنیی سەربەخۆیە بۆ کۆنترۆڵکردنی دزگرەکە و پرۆگرامکردنەوەی

#### ٥-١-وشەی نهێنیی سەرۆکەکان (ADMINS)

سەرۆک؛ بەکارهێنەری سەرەکیی ئامێرەکەیە کە بە وشە نهێنییەکەیەوە دەتوانێ تەواوی بەشەکانی دزگرەکە کۆنترۆڵ بکات و هەروەها دەتوانێت بچێتە ناو بەشێ ڕێکخستنی ئامێرەکە و ئەو ڕێکخستنانەی بە پێویستی دەزانێ تێدا ئەنجام بدات. بە جیا لە ئەمانەش، هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی پەیوەندیان بە ئامێرەکەوە هەیە بۆ سەرۆک دەنێردرێن.

❗ زۆرینەی ژمارەی ئەو سەرۆکانەی ئامێرەکە دەتوانێ پشتەوانیان لێبکات ٤ کەسە (مێمۆریی١ تا ٤) وشەی نهێنیی تەواوی سەرۆکەکان یەکێکە و لە حاڵەتی دیفاڵتدا بریتییە لە 000000

❗ ژمارە مۆبایلی سەرۆک دەبێ لە دەفتەری یەکەمەوە پاشکەوت بکرێت

#### ٥-٢- وشەی نهێنیی بەڕێوەبەرەکان (MANAGERS)

ئامێرەکە خاوەن چوار وشەی نهێنیی سەربەخۆیە بۆ بەڕێوەبەرەکان کە دەتوانن بەم وشە نهێنیانە بەشەکەی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن

❗ بەڕێوەبەرەکان بە وشە نهێنییەکەیان دەتوانن پانێلی دوگمەکان، تەلەفوون، کورتەپەیام و ئەپ، ئامێرەکە کۆنترۆڵ بکەن

❗ بەڕێوەبەران ناتوانن بچنە ناو بەشی ڕێکخستنی ئامێرەکەوە

❗ وشەی نهێنیی بەڕێوەبەرەکان لە حاڵەتی دیفاڵتدا بریتییە لە 111111 (بەڕێوەبەری یەکەم) 222222 (بەڕێوەبەری دووهەم) 333333 ( بەڕێوەبەری سێهەم) 444444 ( بەڕێوەبەری چوارەم)

❗ بۆ گۆڕینی هەرکام لە وشە نهێنییەکان سەردانی بەشی ڕێکخستنی سەرەکی بکەن

# ئیمکانیاتی ئامێرەکە

| ئاستی دەستپێڕاگەیشتن | بەشی 1 | بەشی 2 | بەشی 3 | بەشی 4 | ڕێکخستن | وشەی نهێنیی سەرەتایی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرۆک | ✅ | ✅ | ✅ | ✅ | ✅ | 000000 |
| بەڕێوەبەر ١ | ✅ | ⛔ | ⛔ | ⛔ | ⛔ | 111111 |
| بەڕێوەبەر ٢ | ⛔ | ✅ | ⛔ | ⛔ | ⛔ | 222222 |
| بەڕێوەبەر ٣ | ⛔ | ⛔ | ✅ | ⛔ | ⛔ | 333333 |
| بەڕێوەبەر ٤ | ⛔ | ⛔ | ⛔ | ✅ | ⛔ | 444444 |

**٦- بەشەکانی ئامێرەکە**

ئامێرەکە ٨ زۆنی هەیە کە دابەش کراونەتە سەر ٤ بەشەوە و کەواتە هەر بەشێک ٢ زۆنی تێدایە و دەتوانین بە ٤ بەڕێوەبەری سەربەخۆ یان ٤ سەرۆک کۆنترۆڵیان بکەین

تێبینی: سەرۆک هەموو بەشەکان و بەڕێوەبەر تەنها ئەو بەشانەی کە پەیوەندیان بە ئەوە هەیە دەتوانن کۆنترۆل بکەن

تێبینی: ئەگەر هەموو بەشەکان چالاک بن، چرای ARM و ئەگەر چەند دانەیەک لە بەشەکان چالاک بن چرای S.ARM ڕۆشن دەبێت.

| زۆن | زۆن ١ | زۆن ٢ | زۆن ٣ | زۆن ٤ | زۆن ٥ | زۆن ٦ | زۆن ٧ | زۆن ٨ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەش | بەش ١ | | بەش ٢ | | بەش ٣ | | بەش ٤ | |

**٧- جۆرەکانی دۆخی زۆن**

دەتوانین هەرکام لە زۆنەکانی دزگرەکە بخەینە سەر حاڵەتگەلی جیاوازەوە

❗ بۆ گۆڕینی ئیشی هەر زۆن، سەردانی بەشی ڕێکخستنی ئامێرەکە بکەن.

**٧-١- دۆخی نۆرماڵ**

ئەگەر بەشێک زۆنی نۆرماڵی هەبێت، پاش چالاکبوونی (SEMI.ARM/ARM) دەتوانێ هان بدرێت

**٧-٢- دۆخی تەخیری**

ئەگەر بەشێک زۆنی تەخیری هەبێت، پاش چالاکبوونی (SEMI.ARM/ARM) دەتوانێ بە تەخیرێکەوە هان بدرێت

تێبینی: کاتی زۆنی تەخیری لە منۆی دزگری دووکانو شوێنە بازرگانییەکاندا پرۆگرام دەکرێت

تێبینی: دەتوانین لەم حاڵەتە بۆ ناچالاک (DISARM)کردنی دزگرەکە بە بی ریمۆت سوودوەربگرین. واتە بەکارهێنەر پاش ئەوەدیتە ناو ناوچەکەوە، دەتوانێ لە ڕێگای پانێلی دوگمەکانەوە ئامێرەکە ناچالاک بکاتەوە

**٧-٣- دۆخی ٢٤ کاتژمێری**

ئەگەر زۆنێک دۆخی٢٤ کاتژمێریی هەبێت، لە تەواوی کاتژمێرەکاندا (چ بەشەکە چالاک (SEMI.ARM/ARM) و چ ناچالاک (DISARM) بێت وەک زۆنی نۆرماڵ دەتوانێ هان بدرێت)

تێبینی: دەتوانین لەم زۆنە بۆ پەیوەستکردنی پێداڵی ڕاگەیاندنی دزی یان دێتێکتۆری ڕاگەیاندنی ئاگرلێکەوتنەوە سوودوەربگرین.

**٧-٤- دۆخی دینگ دانگ**

ئەگەر بەشێک خاوەنی زۆنی دینگ دانگ بێت، دەتوانێ لە ئەگەری چالاکبوون (SEMI.ARM/ARM) یدا وەک حاڵەتی نۆرماڵ هان بدرێت و لە ئەگەری ناچالاکبوون (DISARM) یشیدا تەنها دەنگێکی جەرس بڵاو دەبێتەوە

تێبینی: دەتوانین لەم زۆنە بۆ ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە هاتنی کەسانی نەناسراو سوود وەربگرین

**٧-٥- دۆخی شاراوە**

ئەگەر بەشێک خاوەن زۆنی شاراوە بێت، دەتوانێ لە ئەگەری چالاکبوون (SEMI.ARM/ARM) یدا وەک حاڵەتی نۆرماڵ و لە ئەگەری ناچالاکبوون (DISARM) یشیدا بە بێ ئەوەی دەنگی ئاژیر و موکەبەرەکە بڵاو بکاتەوە، پەیوەندی بە ژمارە مێمۆریی ٢١ و ٢٢ (شاراوە) بکات و پەیامە دەنگییە پەیوەندیدارەکە بڵاو بکاتەوە

تێبینی:دەتوانین لەم زۆنە بۆ پەیوەستکردنی پداڵی ڕاگەیاندنی دزی سوود وەربگرین

# ئیمکانیاتی ئامێرەکە

| | دۆخی نۆڕماڵ | دۆخی تەخیری | دۆخی ٢٤ کاتژمێری | دۆخی دینگ دانگ | دۆخی شاراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆن لە حاڵەتی ARM | چالاک | چالاک بە تەخیرەوە | چالاک | چالاک | چالاک |
| زۆن لە حاڵەتی DISARM | ناچالاک | ناچالاک | چالاک | بڵاوبوونەی دەنگی جەرەس | تەنها پەیوەندیبە مێمۆریی ٢١،٢٢ |

## ٨- تەخیری پانێلی کۆنترۆڵ

تەخیری پانێلی کۆنترۆڵ تایبەت بە ئەو کاتەیە کە بەکارهێنەر پاش چالاک/نیوە چالاک کردنی (SEMI.ARM/ARM) ئامێرەکە لە ڕێگای پانێلی دوگمەکانی سەر کەیتی سەرەکیی ئامێرەکەوە، دەرفەتی ئەوەی هەیە کە شوێنەکە بە جێ بهێڵێت. ئەم کاتە ڕێکدەخرێت و سەروخواری پێدەکرێت

تێبینی: دەتوانین لەم دۆخە بۆ چالاک/نیوە چالاک کردنی (SEMI.ARM/ARM)

دزگری دووکان و شوێنە بازرگانییەکان بە بێ ڕیمۆت سوودوەربگرین

تێبینی: بۆ گۆڕینی کاتی تەخیری پانێلی دوگمەکان، بەشی ڕێکخستنی ئامێری دزگر بەکاربهێنن

## ٩- ماوەی زۆنی تەخیری

ماوەی زۆنی تەخیری بۆ ئەو زۆنانەی ڕەچاو کراوە کە بەشێوەی تەخیری ڕێکخراون. مەودای نێوان زۆنە تەخیرییەکان پاش چالاک کردنی ئەو بەشەی پەیوەندیی بەم کارەوە هەیە و پاش بەسەرچوونی ماوەی تەخیر دێتە ناو خولگەوە. درێژایی ئەم ماوەیە ڕێکدەخرێت و سەروخواری پێدەکرێت.

تێبینی: دەتوانین لەم حاڵەتە بۆ ناچالاککردنەوەی(DISARM)دزگرەکە بە بێ ڕیمۆت سوود وەربگرین و لەم حاڵەتەدا بەکارهێنەر دەرفەتی ئەوەی هەیە کە بتوانێ پاش هاتنە ناو شوێنەکە، ئامێرەکە لە ڕێگای پانێلی دوگمەکانەوە ناچالاک (DISARM) بکاتەوە

تێبینی: بۆ گۆڕینی کاتی تەخیری پانێلی دوگمەکان، بەشی ڕێکخستنی ئامێری دزگری فایروال بەکاربهێنن

## ١٠- مۆدێلی هاندانی تەلەفوونکەرەکە

تەلەفوونکەرەکە پاش هاندانی دزگرەکەوە دەست بە ناردنی کورتەپەیام و تەلەفوونکردن بۆ هەموو ئەو ژمارە تەلەفوونانەی تێیدا پاشکەوت کراون دەکات

# ئیمکانیاتی ئامێرەکە

**١٠-١- هاندانی لێوار (EDGE)**

لەم حاڵەتەدا تەلەفوونکەر تەنانەت ئەگەریش ئامێرەکە ناچالاک (DISARM)کرا بێتەوە، تەلەفوون بۆ هەموو ئەو ژمارانەی کە لە دەفتەری تەلەفوونەکەیدا پاشکەوتکراون دەکات

**١٠-٢- هاندانی ئاستی (LEVEL)**

لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئامێرەکە ناچالاک (DISARM) کرا بێتەوە، تەلەفوونکەر واز لە تەلەفوونکردن دەهێنێت

تێبینی: بۆ گۆڕینی مۆدێلی هاندان، سەردانی بەشی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر بکەن

## ١١- وڵتاژی پاتری و ئاوتپوتی AUX

لەم ئامێرەدا وڵتاژی وردی پاتری، ئاوتپوتی AUX و دۆخی کارەبای ئامێرەکە چێک دەکرێت

تێبینی: بۆ چێک کردنی ئەمانەی سەرەوە، بەشی ڕێکخستنی ئامێری دزگرەکە بەکاربهێنن

**١٢- پەیامە دەنگییەکانی ئامێرەکە**

بۆ هەرکام لە زۆنەکانی بێوایر، وایردار، دۆخی شاراوە و ٢٤ کاتژمێری دەتوانین بە شێوەی سەربەخۆ ٣٠ چرکە دەنگ تۆمار بکەین کە ئەم دەنگە لە کاتی هاندرانی ئامێرەکەدا لە ڕێگای تەلەفوونەوە بۆ ئەو کەسانەی ژمارەکەیان لە ئامێرەکەدا پاشکەوت کراوە، بڵاو دەبێتەوە. بۆ تەواوی زۆنە وایردار و بێوایرەکانیش پەیامێکی سەرەتایی دابین کراوە کە پێمان ڕادەگەیەنێت کام زۆن هان دراوە

**١٣- ئاگادارکەرەوەی کارەبای ڕەئیسی**

ئەم ئامێرە دەتوانێ دۆخی کارەبای ڕەئیسیمان لە ٣ حاڵەتی بوونی کارەبا، پچڕانی کارەبا و لاوازبوونیدا پێڕابگەیەنێت. ئامێرەکە کورتەپەیامی ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە دۆخی کارەبای ڕەئیسی بۆ سەرۆک دەنێرێت

**١٤- ئاگادارکەرەوەی لاوازبوونی پاتری**

ئەگەر ئامێری دزگری دووکان و شوێنە بازرگانییەکان کارەبای لێببڕێت و پاترییەکەی شەحنی زۆری تێدا نەمابێت، کورتەپەیامی لاوازبوونی شەحنی پاتری بۆ سەرۆک دەنێردرێت

# چۆنیەتیی ئیشکردنی ئامێرەکە

**١ـ ڕیمۆت**

ڕیمۆت تەنها بۆ کۆنترۆڵی دزگرەکە لە لایان سەرۆک یان بەڕێوەبەرەوە بەکاردێت

| ڕیمۆت | A | B | C | D | E |
|---|---|---|---|---|---|
| **ڕیمۆتی سەرۆک** | چالاککردنی تەواوی بەشەکان | ناچالاککردنی تەواوی بەشەکان | چالاککردنی بەشی ١ | چالاککردنی بەشی ٢ | چالاککردنی بەشی ٣ |
| **ڕیمۆتی بەڕێوەبەر** | چالاککردنی بەشی N | ناچالاککردنی بەشی N | ------------- | ------------- | ------------- |

❗ لە ڕێگای ڕیمۆتی سەرۆکەوە ناتوانین بەشی۴ بە تەنها چالاک بکەینەوە

❗ لە ڕێگای ڕیمۆتی سەرۆکەوە ناتوانین بەشێک بە تەنها ناچالاک (DISARM) بکەینەوە. بە لێدانی دوگمەی B هەموو بەشەکان ناچالاک دەکرێنەوە

**٢ـ پانێلی دوگمەکان**

**٢ـ١ـ کۆنترۆڵکردنی دزگرەکە**

| کرداره کۆنترۆڵییەکە | فەرمانەکە |
|---|---|
| چالاککردنەوەی تەواوی بەشەکان | ARM _ 000000 |
| ناچالاککردنەوەی تەواوی بەشەکان | DISARM _ 000000 |
| چالاککردنەوەی تەنها یەک بەش | S.ARM_000000 _DN یان Up _ENT> |
| چالاککردنەوەی بەشی N | S.ARM _ NNNNNN |
| ناچالاککردنەوەی بەشی N | DISARM _ NNNNNN |

❗ مەبەست لە NNNNNN وشەی نهێنیی بەڕێوەبەری بەشی N ـە

❗ مەبەست لە 000000 وشەی نهێنیی سەرۆکە

**٢ـ٢ـ پرۆگرامکردنی ئامێرەکە**

بۆ ئەوەی بچنە ناو مینۆی ڕێکخستنی ئامێرەکە، سەرەتا دەبێ قوفڵی کیپەد بکەنەوە.

# چۆنیەتیی ئیشکردنی ئامێرەکە

پاش کردنەوەی قوفڵی پانێلی دوگمەکان، بە دوگمەکانی ^UP یان DN v ئەو منۆی ئیشتان پێیە هەڵبژێرن و بە لێدانی دوگمەی ENT، بچنە ناوییەوە و ڕێکخستنەکان بە پی دڵخوازی خۆتان بگۆڕن تەنها سەرۆک دەتوانێ قوفڵی پانێلی دوگمەکان بکاتەوە و بچێتە ناو منۆی ڕێکخستنەوە. پاش چوونەناو هەر منۆیەک چاو لە ڕێنماییەکان ژێر ئەو منۆیە بکەن

| جۆری کرداری پرۆگرامکردنەکە | فەرمانەکە |
|---|---|
| کردنەوەی قوفڵی پانێلی دوگمەکان/ چوونەناو منۆی ڕێکخستنەکان | MENU _ 000000 |
| گەڕان بە ناو منۆکانەوە/ گۆڕین | DN یا UP |
| هەڵبژاردن/چوونەناو ئەو منۆیەی هەڵبژێردراوە | ENT> |
| گەڕانەوە بۆ منۆی پێشوو/ پیشاندانی زانیارییەکانی ئامێرەکە | MENU |
| سڕینەوەی دوایین ژمارە | CLR< |
| قوفڵکردنی پانێلی دوگمەکان | MENU _ CLR< |

❗ لەو منۆیەیدا کە هەڵبژێردراوە، دەتوانن بە دوگمەکانی ^UP یان DN v، حاڵەتەکان بگۆڕن و پاشان بە ENT > ئەو حاڵەتەی مەبەستتانە هەڵبژێرن و پاشکەوتی بکەن

❗ بۆ زانیاری زیاتر سەردانی بەشی ڕێکخستن بکەن

**٣ـ کورتەپەیام**

دەتوانن بە ناردنی کورتەپەیام بۆ ژمارەی ئەو سیمکارتەی لە ناو ئامێرەکەدایە، ئیشەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی دزگر و پرۆگرامکردنی بەڕێوەببەن

**٣ـ١ـ کۆنترۆڵکردنی دزگر لە لایان بەڕێوەبەر و لە ڕێگای کورتەپەیام**

# چۆنیەتیی ئیشکردنی ئامێرەکە

| فەرمانەکە | دەقی کورتەپەیامەکە (تەواوی فەرمانەکان دەبێت بە بێ سپەیس و مەوداوە تایپ بکرێن) |
|---|---|
| گۆڕینی وشەی نهێنیی ئامێرەکە | *NNNNNN* 88 * وشەی نهێنیی تازە * # |
| چالاککردنی دزگرەکە | *NNNNNN* 11 # |
| ناچالاککردنی دزگرەکە | *NNNNNN* 10 # |
| چێککردنی دزگرەکە | *NNNNNN* 12 # |
| تێکردنی وەحدە بۆ سیمکارت | *NNNNNN* 98 * ڕەستەی تایبەت بەوەحدەتێکردن 98 # |
| ئاگاداربوون لە بڕی وەحدە | *NNNNNN* 140 # |
| چێککردنی بارودۆخی ئامێرەکە | *NNNNNN* 00 # |
| چالاککردنەوەی ئاوتپوت | *NNNNNN* 21 # |
| ناچالاککردنەوەی ئاوتپوت | *NNNNNN* 20 # |
| چێککردنی ئاوتپوت | *NNNNNN* 22 # |

❗ مەبەست لە NNNNNN وشەی نهێنیی بەڕێوەبەری بەشی N ـە

❗ ژمارەی مۆبایلی مۆدیرەکان پێویست نییە لە دەفتەری بەردەنگەکانی ئامێرەکەوە پاشکەوت کرا بێت

**٣-٢- کۆنترۆڵکردنی دزگر لە لایان سەرۆکەوە لە ڕێگای کورتەپەیام:**

# چۆنیەتیی ئیشکردنی ئامێرەکە

| فەرمانەکە | | دەقی کورتەپەیامەکە (تەواوی فەرمانەکان دەبێت بە بێ سپەیس و مەوداوە تایپ بکرێن) |
|---|---|---|
| گۆڕینی وشەی نهێنیی ئامێرەکە | گۆڕینی وشەی نهێنیی سەرۆک | * 000000 * 80 * وشەی نهێنیی تازە * # |
| | گۆڕینی وشەی نهێنیی بەڕێوەبەری بەشی N | * 000000 * 8N * وشەی نهێنیی تازە * # |
| چالاککردنی دزگرەکە | چالاککردنەوەی تەواوی بەشەکان | * 000000 * 11 # |
| | چالاککردنەوەی بەشی N | * 000000 * 11 * N # |
| ناچالاککردنی دزگرەکە | ناچالاککردنەوەی تەواوی بەشەکان | * 000000 * 10 # |
| | ناچالاککردنەوەی بەشی N | * 000000 * 10 * N # |
| چێککردنی دزگرەکە | چێککردنی تەواوی بەشەکان | * 000000 * 12 # |
| | چێککردنی بەشی N | * 000000 * 12 * N # |
| چالاککردنەوەی ئاوتپوت | ناچالاککردنەوەی تەواوی ئاوتپوتەکان | * 000000 * 21 # |
| | ناچالاککردنەوەی ئاوتپوتی N | * 000000 * 21 * N # |
| ناچالاککردنەوەی ئاوتپوت | ناچالاککردنەوەی تەواوی ئاوتپوتەکان | * 000000 * 20 # |
| | ناچالاککردنەوەی ئاوتپوتی N | * 000000 * 20 * N # |
| چێککردنی ئاوتپوت | چێککردنی تەواوی ئاوتپوتەکان | * 000000 * 22 # |
| | چێککردنی ئاوتپوتی N | * 000000 * 22 * N # |
| پاشکەوتکردنی ژمارە تەلەفوون | | * 000000 * 66 * ژمارەی مێمۆری * ژمارە تەلەفوون # |
| چێککردنی ژمارە تەلەفوون | | * 000000 * 55 * ژمارەی مێمۆری # |
| سڕینەوەی ژمارە تەلەفوون | | * 000000 * 44 * ژمارەی مێمۆری # |
| گۆڕانی پێوەری ڕستەی کڕینی وەحدە | | * 000000 * 99 ڕستەی تایبەت بە وەحدەتێکردن 99 # |
| تێکردنی وەحدە بۆ سیمکارت | | * 000000 * 98 ڕستەی سەرەکیی تایبەت بە وەحدەتێکردن 98 # |
| ئاگاداربووون لە بڕی وەحدە | | *000000* 140# |
| چێککردنی بارودۆخی ئامێرەکە | | *000000* 00# |

❗ ژمارەی مۆبایلی سەرۆک دەبێ لە مێمۆریی ١تا٤ ی دەفتەری تەلەفوونەکەوە پاشکەوت بکرێت

❗ مەبەست لە N ژمارەی بەشەکەیە.

❗ مەبەست لە 000000 وشەی نهێنیی سەرۆکە.

## ٤- ئەپی ANDROID و IOS

دەتوانین تەواوی کردارە کورتەپەیامکییەکان لە ڕێگای ئەپیشەوە ئەنجام بدەین. لە ئامێرە تازەکاندا دەتوانین

بە یارمەتیی ئەپی ANDROID و IOS ئامێرەکەو لە (بەشی ڕێکخستنیدا)، لە سەر بەشەکانی (زۆنە وایردار و بێوایرەکان،ڕیموتەکان، بەشەکان و ئاوتپوتەکان) ناو بنێین

**٥ـ تەلەفوونکەرەکان**

بۆ کۆنترۆڵکردنی دزگرەکە لە ڕێگای دوورەوە دەتوانین بە پی منۆی دەنگی بڵاوکراوی ئامێرەکە، تەلەفوون بۆ ئەو سیمکارت یان هێڵی تەلەفوونە نۆرماڵەی بکەین کە پەیوەست کراوە بە ئامێرەکەوە.

❗ سەرۆک و بەڕێوەبەرەکان دەتوانن بە وشەی نهێنیی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیانەوە ئامێرەکە کۆنترۆڵ بکەن.

❗ پێش لێدانی دوگمەی پێویست، بوەستن تا پەیامە دەنگییەکە تەواو بێت.

❗ بۆ کۆنترۆڵکردنی دزگرەکە لە ڕێگای پەیوەندی بە تەلەفوونکەرەکەوە پێویست ناکات ژمارە تەلەفوونی ئەو کەسەی تەلەفوون دەکات لە دفتەری تەلەفوونی ئامێرەکەدا خزن کرابێت

❗ لە کاتی داخڵکردنی ژمارەکانی وشەی نهێنی، ئەگەر قەبوڵ کرا، دەبێ دەنگێکی بیب ببیسترێت. ئەگەر دەنگی بیبتان نەبیست دەبێ جارێ تر وشە نهێنییەکە داخڵ بکەن.

**٥ـ١ـ بیستنی دەنگی دەورووبەر:**

بۆ بیستنی دەنگی دەورووبەر، پەیوەندی بە ژمارە تەلەفوونی ئامێرەکە بکەن و پاش داخڵکردنی وشەی نهێنیی ئامێرەکە، ژمارە ٣ داخڵ بکەن. ماوەی بیستنەکە ٤ خولەکە و پاش ئەم ٤ خولەکە پەیوەندییەکە دەپچڕێت. ئەگەر پێویست بوو قۆناغەکانی سەروو دووبارە بکەنەوە

❗ باشتر ئەوەیە بیستنی دەنگی دەورووبەر بە هێڵی نۆرماڵەوە ئەنجام بدرێت.


**٦ـکۆنترۆڵکردنی ئامێرەکە لە ڕێگای تەلەفوونکەرەکە لە کاتی هاندراندا**

ئامێرەکە لە کاتی هاندراندا دەستدەکات بە ناردنی پەیام و پەیوەندیکردن بە ئەو ژمارە تەلەفوونانەی تێیدا پاشکەوت کراون. پاش بیستنی دەنگی ئەو زۆنەی هاندراوە دەتوانین بە لێدانی دوگمەی ٥، نەهێڵین ئامێرەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفوونەکانی تر بکات و لە ئەگەری پێویستدا ئامێرەکە کۆنترۆڵ بکەین.


❗ لە ئەگەری هاندرانی ئامێرەکە لە حاڵەتی چالاک/نیوەچالاکبوونی (SEMI.ARM/ARM) ئامێرەکە پەیوەندی بە ئەو ژمارانەی ناکات کە لە مێمۆریی ژمارەی ٢١ و ٢٢ (شاراوە)دا پاشکەوت کراون.

# وایەر بەندیی ئامێرەکە


- ئەو زونە وایردارانەی کە بەکارناهێنرن دەبێ بخرێنە سەر حاڵەتی On.
- دیپسوئیچەکان لە حاڵەتی سەرەتایی خۆیاندا ON-ن.
- لە کاتی بەکارهێنانی زۆنەکان، دەبێ دیپسوئیچی ئەو زۆنەی بەکاردەهێنرێت OFF بکرێت.
- دەتوانن تەواوی هەستەوەرەکان (بە شێوازی دامەزراندنی دروست) لە زۆنی دڵخوازی خۆتاندا دامەزرێنن.





شێوازی دامەزراندنی هەستەوەری وایردار
بە شێوەی یەکدانەیی
بە هاندانی نەرێنیی (زۆنەکانی ١ تا ٦)




شێوازی دامەزراندنی هەستەوەری وایردار
بە شێوەی یەکدانەیی
بە هاندانی نەرێنیی (زۆنەکانی ٧ و ٨)





شێوازی دامەزراندنی هەستەوەری وایردار
بە شێوەی زنجیرەیی
بە هاندانی نەرێنیی (زۆنەکانی ١ تا ٦)




شێوازی دامەزراندنی هەستەوەری وایردار
بە شێوەی زنجیرەیی
بە هاندانی نەرێنیی (زۆنەکانی ٧ و ٨)

# وایەر بەندیی ئامێرەکە




❗ پێش دانانی سیمکارت، دەبێ پینکۆدەکەی ناچالاک بکەین.

❗ دەبێ دڵنیا بین لەوەی کە زمانی سیمکارتەکە ئینگلیزییە.

❗ حەتمەن دەبێ سیمکارتی تازە بخەنە ناو مۆبایل و لە ڕێگای کورتەپەیام و تەلەفوونکردنەوە چالاکی بکەنەوە.

❗ بۆ ناردنی کۆد لە ڕێگای سێرووێرەوە، حەتمەن دەبێ وەرگرتنی کورتەپەیامی ڕێکلامی بۆ سیمکارتەکە بلۆک نەکرابێت و سیمکارتەکە شەحنی پێویستی تێدابێت، چون ئەگەر وا نەبێ، کۆد نانێردرێت بۆ ئامێرەکە.

❗ دەبێ پەیامی مۆسیقای پێشواز لە سیمکارتەکەدا هەڵوەشێتەوە.

**ڕیستکردنی وشە نهێنییەکان لە حاڵەتی ئیمێرجنسیدا:**

ئەگەر وشە نهێنییەکانتان لەبیرچووبێت، دەتوانن بەم شێوازەی خوارەوە تەواوی وشە نهێنییەکان بگەڕێننەوە بۆ حاڵەتی سەرەتایی و دیفاڵتی خۆیانەوە:

١- کارەبا و پاتری ئامێرەکەی لێبکەنەوە و نزیکەی ٢٠چرکە بوەستن.

٢- پەنجە لە سەر دوگمەی >CLR ڕاگرن و هاوکات کارەبا و پاترییەکە پەیوەست بکەنەوە بە ئامێرەکەوە.

٣- پاش دیتنی ئەم پەیامەی ڕووبەڕوو پەنجەتان لە سەر >CLR لابەن.

تەواوی نهێنییەکان ڕیست کران

❗ ئەم جۆرە ڕیست کردنە تەنها وشە نهێنییەکان دەگەڕێنێتەوە حاڵەتی سەرەتاییەکەیانەوە و بە گەڕاندنەوەی تەواوی ڕێکخستنەکان بۆ حاڵەتی سەرەتایی، دەبێ سەردانی بەشی ڕێکخستنی سەرەکیی ئامێرەکە بکەن.

# پرۆگرامی ئامێرەکە

**١- ڕێکخستنەکانی تایبەت بە تەلەفوونکەرەکەوە:**

**١-١- دیتن، پاشکەوت کردن و سڕینەوەی ژمارە تەلەفوونەکان.**

١-١-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر.

١-١-٢- منۆی دەفتەری تەلەفوون هەڵدەبژێرین.

١-١-٣- بە دوگمەکانی UP^ یان DNv،ئەو مێمۆرییەی کە مەبەستمانە هەڵدەبژێرین

١-١-٤- دوگمەی ENT>، لێدەدەین.

١-١-٥- بە پێی ئەم خشتەی خوارەوە، فەرمانەکانی پێویست داخڵ دەکەین.

| کردارەکە | فەرمانەکەی |
|---|---|
| پاشکەوتکردن/دەستکاریکردنی ژمارە تەلەفوون لە مێمۆریدا | ENT> ------- ژمارەکە ------- ENT> |
| سڕینەوەی ژمارە تەلەفوونێکی ناو مێمۆری | CLR < |

❗ لە کاتی هاندراندا، کورتەپەیام تەنها بۆ ژمارە مێمۆرییەکانی ١ تا ١٠ دەنێردرێت.

❗ لە کاتی هاندراندا، تەنها پەیوەندی بە ژمارە مێمۆرییەکانی ١١ تا ٢٠ ـەوە دەکرێت.

❗ بۆ ئەوەی لە کاتی هاندرانی ئامێرەکەدا، بۆ یەک کەسی تایبەت هەم کورتەپەیام بنێردرێت و هەم تەلەفوونیشی بۆ بکرێت، دەبێ ژمارەکەی لە هەردوو بەشەکەدا خزن بکرێت.

❗ تەواوی ئەمانەی سەرەوە لە ڕێگای کورتەپەیام و ئەپیشەوە ئەنجام دەدرێن.

❗ ژمارە مۆبایلەکان دەبێ بە 0ـەوە داخڵ بکرێن (وەک: ٠٧٧٥٧١٥٣٩٨٠).

❗ ژمارە تەلەوونە نۆرماڵەکانی ئەو شارەی ئامیرەکەی تێدا دامەزراوە دەبێت بە بێ کۆد داخڵ بکرێن (وەک: ٦٦٨٨٧١٠٠).

❗ ژمارە نۆرماڵەکانی دەرەوەی ئەو شارەی ئامێرەکەی تێدا دامەزراوە دەبێت بە کۆدەوە داخڵ بکرێن (وەک: ٠٢١٦٦٨٤٢٨١١).

❗ بۆ تۆمارکردنی ژمارە تەلەفوونە ئێمرجنسییەکانی وەک ١١٠، ١٢٥، ... دەبێت پێش داخڵکردنی ژمارەکان، (*) بەکاربهێنین (وەک: ١١٠*).

**١-٢- گۆڕینی کۆدی شار:**

١-٢-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر ١-٢-٢- منۆی کۆدی شار هەڵدەبژێرین

١-٢-٣- کۆدی ئەو شارەی ئامێرەکەی تێدا دامەزراوە داخڵ دەکەین و پاشان دوگمەی ENT> لێدەدەین.

❗ ئەگەر ئامێرەکە لە شوێنێک بەدەر لە شاری تارانەوە دادەمەزرێ دەبێ حەتمەن کۆدی شارەکە بگۆڕدرێت

❗ پاش هەر ڕیستێکی تەواو، کۆدی شارەکە دەبێتەوە کۆدی سەرەتایی واتە ۰۲۱

❗ کۆدی شارەکە حەتمەن دەبێ بە 0ـەوە داخڵ بکرێت (وەک: ۰۲۱)

**۱-۳- گۆڕینی کۆدی وڵات:**

۱-۳-۱- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر ۱-۳-۲- منۆی کۆدی وڵات هەڵدەبژێرین.

۱-۳-۳- کۆدی ئەو وڵاتەی ئامێرەکەی تێدا دامەزراوە داخڵ دەکەین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ ئەگەر ئامێرەکە لە شوێنێک بەدەر لە وڵاتی ئێراندا دادەمەزرێ دەبێ حەتمەن کۆدی وڵات بگۆڕدرێت

❗ پاش هەر ڕیستێکی تەواو، کۆدی وڵاتەکە دەبێتەوە کۆدی سەرەتایی واتە ۰۹۶۴

❗ کۆدی وڵات حەتمەن دەبێ بە 0ـەوە داخڵ بکرێت (وەک: ۰۹۶۴)

**۱-۴- گۆڕینی ژمارەی لێدانی جەرەسی وەڵامی تەلەفوونکەرەکە (تەلەفوونی نۆڕماڵ):**

۱-۴-۱- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر.

۱-۴-۲- منۆی ژمارەی لێدانی جەرەسی وەڵام هەڵدەبژێرین

۱-۴-۳- ئەو ژمارە جەرەسانەی کە مەبەستە بە دوگمەکانی UP۸ یان DN۷ هەڵدەبژێرین پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ ژمارەی گۆڕاو تایبەت بە تەلەفوونکەری هێڵی نۆڕماڵە.

❗ ژمارەی جەرەسەکانی تەلەفوونی سیمکارتی بە شێوەی بنیرەتی دووجەرەسە و ناگۆڕدرێت.

**۱-۵- تاقیکردنەوەی ناردنی کوورتەپەیام و تەلەفوونکردن.**

۱-۵-۱- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر

۱-۵-۲- منۆی تاقیکردنەوەی پەیوەندیکردن و کوورتەپەیام هەڵدەبژێرین.

۱-۵-۳- ژمارەی مێمۆریی مەبەست بە دوگمەکانی UP۸ یان DN۷ هەڵدەبژێرین پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ بە هەڵبژاردنی مێمۆریی ۱ تا ۱۰،کورتە پەیام بۆ ژمارەی هەڵبژێردراو دەنێردرێت.

❗ بە هەڵبژاردنی مێمۆریی ۱۱ تا ۲۲، پەیوەندی بە ژمارەی هەڵبژێردراو دەکرێت.

❗ لە کاتی تاقیکردنەوەی بژاری پەیوەندیکردنی ئامێرەکەدا، دەتوانین پەیوەندی لە ڕێگای سیمکارت یان ڕێگای هێڵی نۆڕماڵ هەڵبژێرین.

**۱-۶- گۆڕینی پەیرەوی چۆنیەتیی دیتنی وەحدەی سیمکارت.**

بۆ ئەوەی بزانین سیمکارتەکە چەندە وەحدەی هەیە، دەبێ کۆدی فەرمانی دیتنی وەحدەی تایبەت بە ئەو شەریکەی سیمکارتە، پاشکەوت بکەین. ئامێرەکە لە ڕێگای ئەو کۆدی فەرمانەوە بڕی ئەو وەحدەی لە سیمکارتەکە ماوە بۆ بەکارهێنەر دەنێرێت.

١-٦-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر

١-٦-٢- منۆی پەیڕەوی وەحدە هەڵدەبژێرین

١-٦-٣- کۆدی فەرمانی دیتنی وەحدەی تایبەت بە شەریکەی سیمکارتەکە داخڵ دەکەین وپاشان دوگمە < ENT لێدەدەین.

❗ کۆدی فەرمانی دیتنی وەحدە بە شێوەی سەرەتایی بریتییە لە #١٣٣* (کۆمپانیای ئاسیاسیل )

❗ دەتوانین ئەم کردارانەی سەرەوە بە کورتەپەیام و ئەپیش ئەنجام بدەین.

**١-٧- وەحدە تێکردن بۆ سیمکارت:**

١-٧-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر

١-٧-٢- منۆی وەحدەتێکردن بۆ سیمکارت هەڵدەبژێرین

١-٧-٣- کۆدی فەرمانی داخڵکردنی وە حدەی تایبە ت بە شەریکەی سیمکارتەکە داخڵ دەکەین و پاشان دوگمەی < ENT لێدە دەین.

❗ بۆ وێنە #١٧٢٨٠٢٩١٠٨٠٩٦١*١٣٣*

❗ دەتوانین ئەم کردارانەی سەرەوە بە کورتەپەیام و ئەپیش ئەنجام بدەین.

**١-٨- چێککردنی وەحدەی سیمکارت**

١-٨-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر

١-٨-٢- منۆی بڕی وەحد ەی سیمکارت هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمە < ENT لێدە دەین.

❗ بڕی وەحدەی سیمکارتەکە لە سەر شاشەکەوە پیشان دەدرێت.

❗ دەتوانین ئەم کردارانەی سەرەوە بە کورتەپەیام و ئەپیش ئەنجام بدەین.

**١-٩- گۆڕینی مۆدێلی هانDان:**

١-٩-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر

١-٩-٢- منۆی مۆدێلی هاندان هەڵدەبژێرین.

١-٩-٣- ئەو مۆدێلی هاندانەی مەبەستمانە بە دوگمەکانی UP٨ یان DN٧ هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی < ENT لێدە دەین.

❗ مۆدێلی سەرەتایی و دیفاڵتی هاندانی ئامێرەکە، مۆدێلی هاندانی لێوارییە.

**١-١٠- دۆخی تەلەفوونکەری سیمکارتی:**

١-١٠-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر

١-١٠-٢- منۆی کۆنترۆڵی شەبەکە GSM هەڵدەبژێرین.

١-١٠-٣- ئەو حاڵەتەی مەبەستمانە بە دوگمەکانی UP٨ یان DN٧ هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی > ENT لێدەدەین.

ئەگەر تەلەفوونکەری سیمکارتی ناچالاک بکرێتەوە، ئامێرەکە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لە ڕێگای سیمکارتەوە کورتەپەیام بنێرێت و تەلەفوون بکات.

ئەگەر تەلەفوونکەری سیمکارتی ناچالاک بکرێتەوە، ئامێرەکە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت کاتژمێر و ڕێکەوت و ژمارەی زنجیرەکەی پیشان بدات.

**١-١١- دۆخی تەلەفوونکەری نۆرماڵ:**

١-١١-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر

١-١١-٢- منۆی کۆنترۆڵکردنی هێڵی نۆرماڵ هەڵدەبژێرین.

١-١١-٣- ئەو حاڵەتەی مەبەستمانە بە دوگمەکانی UP٨ یان DN٧ هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی > ENT لێدەدەین.

ئەگەر تەلەفوونکەری نۆرماڵ ناچالاک بکرێتەوە، ئامێرەکە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لە ڕێگای هێڵی نۆرماڵەوە تەلەفوون بکات.

**١-١٢- چالاککردنی کۆدی USSD**

١-١٢-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی تەلەفوونکەر

١-١٢-٢- منۆی چالاککردنی کۆدی USSD هەڵدەبژێرین.

١-١٢-٣- ئەو کۆدی فەرمانەی مەبەستمانە هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی > ENT لێدەدەین.

**٢- ڕێکسختنی کەرەستە بێوایرەکان:**

**٢-١- ڕیمۆت:**

٢-١-١- کۆدکردنی ڕیمۆت:

٢-١-١-١- دەچینە منۆی ڕێکخستنی کەرەستە بێوایرەکان

٢-١-١-٢- دەچینە ناو منۆی ڕیمۆت. ٢-١-١-٣- دەچینە منۆی کۆدکردنی ڕیمۆت.

٢-١-١-٤- ئەو ئاستەی مەبەستمانە بە دوگمەکانی UP٨ یان DN٧ هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی> ENT لێدەدەین.

٢-١-١-٥- یەکێک لە دوگمەکانی ڕیمۆت بە ئەنگوست گوشار دەدەین.

ڕیمۆتەکە نزیک بە ئامێرەکەوە گوشار بدەن.

بۆ هەر بەشێک (بەڕێوەبەر) یان تەواوی بەشەکان (سەرۆک) دەتوانین بە شێوەی سەربەخۆ هەر چەند ڕیمۆتێک پێویستمان پێبێت کۆد بکەین.

❗ ئامێرەکە دەتوانێ بە ڕیمۆتەکانی فرێکوێنسی MHZ ٣١٥ هاپینگ کۆد ئیش بکات.

❗ ئامێرەکە دەتوانێ ٢٠ دانە ڕیمۆتی جیاواز بە پێی ژمارە کۆد بکات.

٢-١-٢- دیتن و سڕینەوەی ڕیمۆت:

٢-١-٢-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی کەرەستە بێوایرەکان.

٢-١-٢-٢- دەچینە منۆی ڕیمۆت.

٢-١-٢-٣- منۆی سڕینەوەی ڕیمۆت هەڵبژێرین.

٢-١-٢-۴- ڕیمۆتی مەبەست بە دوگمەکانی UP^ یان DNv هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی > ENT لێدەدەین.

**٢-٢- هەستەوەر:**

٢-٢-١- کۆدکردنی هەستەوەر:

٢-٢-١-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی کەرەستە بێوایرەکان.

٢-٢-١-٢- دەچینە ناو منۆی هەستەوەر.

٢-٢-١-٣- منۆی کۆدکردنی هەستەوەر هەڵدەبژێرین.

٢-٢-١-۴- زۆنی مەبەست بە دوگمەکانی UP^ یان DNv هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی > ENT لێدەدەین.

٢-٢-١-۵- ئەنگوستمان ڕادەگرینە سەر دوگمەی تێستی هەستەوەر یان دوگمەی هاندانی ئەو هەستەوەرەی کە مەبەستمانە.

بۆ کۆدکردنی تەواوی هەستەوەرە بێوایرەکان سەرەتا دەبێ لە چنینی جامپرەکان دڵنیا بین و پاشان ئەمانەی سەرەوە جێبەجێ دەکەین. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ جامپرەکانی زنجیرەی D بە شێوەی خوارەوە بچنین:

جامپری D1 لە دۆخی LOW و جامپرەکانی D0 و D2 و D3 خاڵی بن. بەدەرلەمانەش، دەبێ جامپرەکانی A0 تا A7 حەتمەن بە شێوەی دڵخواز بچنین و خاڵی نەبن.




تێبینی: لە هەستەوەرەکانی H9 و هەستەوەری لێدانیی + (پلاس)، پێویست بە ڕێکخستنی جامپرەکانی زنجیرەی D، ( D0, D1, D2, D3 ) ناکات.

- هەستەوەرەکان لە نزیک ئامێرەکەوە ڕاگرن .
- بۆ کۆدکردنی تەواوی کەرەستە بێوایەرەکانی وەک مەگنت، چاو (هەستەوەری جوولان) هەستەوەری شۆک دتکتۆری دووکەڵ و ... دەبێ منۆی کۆدکردنی هەستەوەرەکە بەکاربهێنن.
- هەستەوەرەکان بە پێی ڕێککەوتی کۆدکران ژمارەیان بۆ دادەنرێت.
- تەواوی ئەو هەستەوەرانەی لە فرێکوێنسی MHZ ٣١٥ ـەوە ئیشدەکەن دەتوانن بە ئامێرەوە کۆد بکرێن.
- هەڵبژاردنی زۆنی کۆدکرانی هەستەوەرەکان بە شێوەی منۆیی دەبێت و پەیوەندی بە شێوەی چنین جامپرەکانەوە نییە.
- ئامێرەکە توانای کۆدکردنی ٦٤ دانە هەستەوەرە جیاوازلە یەکتر هەیە و بۆ کردکردنی ژمارەیەکی بێسنوور هەستەوەر، دەبێ جامپرەکانی بەشی (A0~A7) و (D0~D3) بە گوێرەی یەکێک لە هەستەوەرە کۆدکراوەکان دابنێین.

**٢-٢-٢- دیتن و سڕینەوەی هەستەوەر:**

٢-٢-٢-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی کەرەستە بێوایەرەکان

٢-٢-٢-٢- منۆی هەستەوەر هەڵدەبژێرین.

٢-٢-٢-٣- منۆی سڕینەوەی هەستەوەر هەڵدەبژێرین.

٢-٢-٢-٤- ئەو هەستەوەرەی کە مەبەستمانە بە دوگمەکانی UP٨ یان DN٧ هەڵدەبژێرین پاشان دوگمەی ENT > لێدەدەین.

## ٣- ڕێکخستنی دزگری دووکان و شوێنە بازرگانییەکان:

**٣-١- گۆڕینی دەنگی ئاوتپوت لە کاتی هاندران دا:**

ئەگەر هەرکام لە بەشە چالاککراوەکان هان بدرێن، موکەبەرە و ئاژیری ئامێرەکە دەست بە دەنگەدەنگ دەکەن و بۆ گۆڕینی دەنگەکەیان دەبێ ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدەین:

٣-١-١- دەچینە ناو منۆی دزگری دووکان و شوێنە بازرگانییەکان

٣-١-٢- منۆی دەنگی ئاوتپوت لە کاتی هاندراندا هەڵدەبژێرین.

٣-١-٣- ئەو حاڵەتەی کە مەبەستمانە بە دوگمەکانی UP٨ یان DN٧ هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی ENT > لێدەدەین.

❗ ئەم ماوەی دایدەنێین هەم ئاژیر و هەم موکەبەرەکە دەگرێتەوە.

❗ ماوەی دەنگەدەنگی هاندران دەتوانێ بۆ ٢ خولەک تا ٧ خولەک پرۆگرام بکرێت.

**٣-٣- گۆڕینی دەنگی قوفڵبوون و کرانەوە:**

لە کاتی چالاککردن و ناچالاککردنی ئامێرەکەدا (DISARM/ARM) دەنگێک لە ئامێرەکەوە دەبیسترێت کە بۆ گۆڕینی دەنگەکە دەبێ ئەم قۆناغانەی خوارەوە پەیڕەو بکەین:

٣-٣-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی دزگری دووکان و شوێنە بازرگانییەکان

٣-٣-٢- منۆی دەنگی قوفڵبوون و کرانەوە هەڵدەبژێرین

٣-٣-٣- ئەو حاڵەتەی کە مەبەستمانە بە دوگمەکانی ^UP یان ˅DN هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ دەتوانین دەنگی قوفڵبوون و کرانەوە بە ئاژیر، موکەبەرەی دەرەکی، موکەبەرەی ناوخۆ یان پێکهاتەیەک لە هەرسێکیان پرۆگرام بکەین.

**٣-٤- گۆڕینی جۆری زۆنەکان:**

٣-٤-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی دزگری دووکان و شوێنە بازرگانییەکان

٣-٤-٢- منۆی گۆڕینی زۆن هەڵدەبژێرین

٣-٤-٣- ئەو زۆنەی کە مەبەستمانە بە دوگمەکانی ^UP یان ˅DN هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

٣-٤-٤- ئەو حاڵەتەی کە مەبەستمانە بە دوگمەکانی ^UP یان ˅DN هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ گۆڕانکاری لە جۆری زۆنێک، زۆنی وایردار و بێوایەر لەخۆدەگرێت.

❗ بۆ دەستخستنی زانیاری سەبارەت بە حاڵەتە جیاوازەکانی تایبەت بە زۆنەکان، چاو لە بەشی "تایبەتمەندییەکانی ئامێرەکە" بکەن.

**٣-٥- گۆڕینی ماوەی تەخیری پانێلی دوگمەکان**

٣-٥-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی دزگری دووکان و شوێنە بازرگانییەکان

٣-٥-٢- منۆی ماوەی تەخیری پانێلی دوگمەکان هەڵدەبژێرین

٣-٥-٣- ئەو ماوەیەی کە مەبەستمانە بە دوگمەکانی ^UP یان ˅DN هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ بۆ دەستخستنی زانیاری سەبارەت بە سوودمەندییەکانی ماوەی تەخیری پانێلی دوگمەکان، چاو لە بەشی "تایبەتمەندییەکانی ئامێرەکە" بکەن.

**٣-٦- گۆڕینی کاتی زۆنی تەخیری**

٣-٦-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی دزگری دووکان و شوێنە بازرگانییەکان

٣-٦-٢- منۆی کاتی زۆنی تەخیری هەڵدەبژێرین

٣-٦-٣- ئەو کاتەی کە مەبەستمانە بە دوگمەکانی ^UP یان ˅DN هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ بۆ دەستخستنی زانیاری سەبارەت بە سوودمەندییەکانی ماوەی تەخیری پانێلی دوگمەکان، چاو لە بەشی "تایبەتمەندییەکانی ئامێرەکە" بکەن.

**٣-٧- تاقیکردنی زۆنەکان:**

٣-٧-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنی دزگری دووکان و شوێنە بازرگانییەکان

٣-٧-٢- منۆی تاقیکردنی زۆنەکان هەڵدەبژێرین ٣-٧-٣- هەستەوەری مەبەست هان دەدەین.

❗ ئەم بژارە بۆ تاقیکردنی هەستەوەری وایەردار و بێوایرە و پاش هاندانی ژمارە زۆنی مەبەست و ژمارەی هەستەوەر، لە سەر شاشەکە پیشان دەدرێت.

**٤- ڕێکخستنە سەرەکییەکانی ئامێرەکە:**

**٤-١- ڕێکخستنی کات و ڕێکەوت:**

٤-١-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنە سەرەکییەکانی ئامێرەکەوە.

٤-١-٢- منۆی کات و ڕێکەوت هەڵدەبژێرین

٤-١-٣- کات و ڕێکەوتەکە داخڵ دەکەین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ ڕێکەوت دەبێ بە پێی کۆچی هەتاوییەوە داخڵ بکرێت.

**٤-٢- گۆڕینی وشە نهێنییەکان:**

٤-٢-١- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنە سەرەکییەکانی ئامێرەکەوە.

٤-٢-٢- منۆی گۆڕینی وشە نهێنییەکان هەڵدەبژێرین.

٤-٢-٣- ئەو وشە نهێنییەی کە مەبەستمانە بە دوگمەکانی ^UP یان ˅DN هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

٤-٢-٤- ئەو وشە نهێ نییە تازەی کە مەبەستمانە داخڵ دەکەین و پاشان دوگمەی< ENT لێدەدەین.

٤-٢-٥- دووبارە ئەو وشە نهێ نییە تازەی کە مەبەستمانە داخڵ دەکەین و پاشان دوگمەی< ENT لێدەدەین.

❗ وشەی نهێنی دەبێ تەنها ژمارە لەخۆبگرێت و حەتمەنیش لە ٦ ژمارە پێکهاتبێت.

❗ تەواوی وشە نهێنییەکان دەبێ سەربەخۆ و جودا لە یەکتری بن.

❗ ئاکامی ئەم کردارە لە ڕێگای کورتەپەیامەوە بۆ سەرۆک دەنێردرێت.

**۴-۳- ڕیستی گشتی:**

۴-۳-۱- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنە سەرەکییەکانی ئامێرەکەوە.

۴-۳-۲- منۆی گۆڕینی ڕیستی گشتی هەڵدەبژێرین و پاشان دوو جاردوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ پاش تەواوبوونی ڕیستەکە، ئامێرەکە بە شێوەی ئۆتۆماتیکی سەرلەنوێ دەست بە ئیش دەکاتەوە.

**۴-۴- چێککردنی ژمارە زنجیرەی ئامێرەکە**

۴-۴-۱- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنە سەرەکییەکانی ئامێرەکەوە.

۴-۴-۲- منۆی گۆڕینی زنجیرەی ئامێرەکە هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

**۴-۵- ئاگاداربوون لە دۆخی ئامێرەکە**

۴-۵-۱- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنە سەرەکییەکانی ئامێرەکەوە.

۴-۵-۲- منۆی دۆخی ئامێرەکە هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ لەم منۆیەدا دەتوانین وڵتاژی پاتری، ئاوتپوتی AUX و دۆخی کارەبای ئامێرەکە لێکبدەینەوە.

**۴-۶- ئاپدەیت کردن:**

۴-۶-۱- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنە سەرەکییەکانی ئامێرەکەوە.

۴-۶-۲- منۆی ئاپدەیت هەڵدەبژێرین و پاشان دوو جار < ENT لێدەدەین.

❗ بۆ ئەنجامدانی ئاپدەیت، دەبێ سەرەتا فایلی پێویست لە کۆمپانیا وەربگرین.

**۵- ڕێکخستنەکانی تایبەت بە دەنگ:**

**۵-۱- تۆمارکردنی دەنگ:**

۵-۱-۱- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنەکانی تایبەت بە دەنگ

۵-۱-۲- منۆی تۆمارکردنی دەنگ هەڵدەبژێرین

۵-۱-۳- دەنگی زۆنی مەبەست بە دوگمەکانی UP˄ یان DN˅ هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

۵-۱-۴- پەیامێک (تا ۳۰ چرکە) تۆمار دەکەین و پاشان دوگمەی < ENT لێدەدەین.

❗ ماوەی دەنگە تۆمارکراوەکە ۱ تا ۳۰ چرکەیە.

❗ بۆ هەرکام لە زۆنە بێوایەرەکان، زۆنە وایردارەکان، حاڵەتی شاراوە و ۲۴ کاتژمێری دەتوانین بە جیا و بە شێوەی سەربەخۆ بۆ ماوەی ۳۰ چرکە دەنگ تۆماربکەین.

**۵-۲- چێک کردنی دەنگ:**

۵-۲-۱- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنەکانی تایبەت بە دەنگ

۵-۲-۲- منۆی چێک کردنی دەنگ هەڵدەبژێرین

۵-۲-۳- دەنگی زۆنی مەبەست بە دوگمەکانی UP˄ یان DN˅ هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی< ENT لێدەدەین.

**۵-۳- سڕینەوەی دەنگ:**

۵-۳-۱- دەچینە ناو منۆی ڕێکخستنەکانی تایبەت بە دەنگ

۵-۳-۲- منۆی سڕینەوەی دەنگ هەڵدەبژێرین

۵-۳-۳- دەنگی زۆنی مەبەست بە دوگمەکانی UP۸ یان DN۷ هەڵدەبژێرین و پاشان دوگمەی ENT > لێدەدەین.

❗ هەر دەنگێک کە دەسڕینەوە، دەنگی سەرەتایی و دیفاڵتی ئامێرەکە دێتە جێیەوە.

**۶- ڕێکخستنی کردارە ئۆتۆماتیکەکان**

**۶-۱- کۆنترۆڵکردنی کورتەپەیامی قوفڵ و کردنەوە:**

لە ساتەوەختی چالاک یان ناچالاک کردنەوەی ئامێرەکەدا کورتەپەیامێکی ئاگادارکەرەوە بۆ سەرۆک دەنێردرێت.

**۶-۲- ئاگادارکەرەوەی کارەبای ڕەئیسی**

لە ساتەوەختی پەیوەستبوون و پچڕانی کارەبای ئامێرەکەدا کورتەپەیامێکی ئاگادارکەرەوە بۆ سەرۆک دەنێردرێت.

**۶-۳- ئاگادارکەرەوەی شەحنی پاتری**

ئەگەر شەحنی پاتریی ئامێرەکە لاواز بێت(خوارتر لە ۱۱/۴ وڵت) و پاشان پاترییەکە بە تەواوەتی شەحن ببێتەوە، کورتەپەیامێکی ئاگادارکەرەوە بۆ سەرۆک دەنێردرێت.

**۶-۴- ئاگادارکەرەوەی پچڕانی تەلەفوونی نۆرماڵ**

لەگەڵ پەیوەستبوون و پچڕانی هێڵی تەلەفوونی نۆرماڵدا کورتەپەیامێکی ئاگادارکەرەوە بۆ سەرۆک دەنێردرێت.

**۶-۵- ئاگادارکەرەوەی نەمانی ئەنتێنی GSM**

ئەگەر شەبەکەی GSM بۆ ماوەی ۱۵۰ چرکە نەمینێت یان ڕادەی ئەنتێنەکەی بێتە ژێر ٪۲۵ ـەوە، دوای ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەربوونەوە، کورتەپەیامێکی ئاگادارکەرەوە بۆ سەرۆک دەنێردرێت.

**۶-۶- ڕاپۆرتی تلێگرام**

❗ بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندیی ڕاپۆرتی تلێگرام، ڕێنماییەکانی لاپەڕەی ۳۱ تا ۳۷ پەیڕەو بکەن.

ئەم تایبەتمەندییە ۴ حاڵەت لەخۆدەگرێت کە بریتین لە:

۱- تەنها چالاککردنی ڕاپۆرتی قوفڵ کردنەوە و کرانەوە: لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەم حاڵەتەدا، کورتەپەیامەکانی تایبەت بە چالاک و ناچالاکبوونەوەی ئامێرەکە لە تێلگرامیشدا دەنێردرێن.

۲- تەنها چالاککردنی ڕاپۆرتەکانی ئاگادارکەرەوە: لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەم حاڵەتەدا، تەنها کورتەپەیامە ئاگادارکەرەوەکانی ئامێرەکە لە تێلگرامدا دەنێردرێن.

٣- چالاککردنەوەی ڕاپۆرت (هەردووکیان): لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەم حاڵەتەدا، کورتەپەیامەکانی تایبەت بە چالاک و ناچالاکبوونەوەی ئامێرەکە و کورتەپەیامە ئاگادارکەرەوەکانی ئامێرەکە ، لە تێلگرامیشدا دەنێردرێن.

٤- ناچالاککردنەوەی ڕاپۆرتی تلێگرام: لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەم بژاردەیە، ناردنی پەیامەکان لە تلێگرامدا ڕادەگیردرێت.

**٦-٧- ڕاگەیاندنی شەحن:**

پاش ڕێکخستنی ئەم بەشە، کورتەپەیامی ڕاگەیەنەری بڕی وەحدەی سیمکارتەکە هەر شەو کاتژمێر ١٢ـی نیوەڕۆ بۆ ژمارە مۆبایلی سەرۆک دەنێردرێت (ئەم بژارە لە حاڵەتی دیفاڵتدا هەر سێ ڕۆژ جارێکە) (ماوەکەی لە یەک ڕۆژە بۆ چوار هەفتەوە)

❗ دەتوانین ئیشە ئۆتۆماتیکەکانی تایبەت بە ئامێرەکە لە منۆی ڕێکخستنی کارە ئۆتۆماتیکەکان چالاک یان ناچالاک بکەینەوە (جگە لە بژاری ڕاگەیاندنی وەحدە)

## ٧- ڕێکخستنی ئاوتپوتەکان:

❗ تانها ئامێرەکانی F10 ئەم تایبەتمەندییەیان هەیە.

ئامێرەکانی F10 حەوت دانە ڕێڵەیان هەیە کە دەتوانین چەندین ئامێری کارەباییان (بە شێوەی ساتەوەختی و هەمیشەیی) پێکۆنترۆڵ بکەین. ئەم حاڵەتانە لە ناو منۆی ڕێکخستنی ئاوتپوتەکاندا ڕێکدەخرێت.

**٧-١- حاڵەتی هەمیشەیی:**

لەم حاڵەتەدا، ڕێلەکە لە ئەو کاتەی کە ئامێرەکە فەرمانی ئاوتپوتەکە وەردەگرێت ، چالاک دەبێتەوە و تاکاتی وەرگرتنی فەرمانی ناچالاکبوونەوە لە هەمان ئاوتپوتەوە ، چالاک دەمێنێتەوە.

**٧-٢- حاڵەتی ساتەوەختی:**

لەم حاڵەتەدا، لە کاتی وەرگرتنی فەرمانی چالاککردنەوە لە بەکارهێنەر، ڕێڵەکە چالاک دەبیتەوە و پاش ئەو ماوەی (٠/٧ چرکە تا ٩٠ خولەک) بۆی دیاری کراوە لە ڕێکخستنەکانی ئامێرەکەدا، ناچالاک دەبێتەوە.

❗ کۆنترۆڵکردنی ئاوتپوتەکان (چالاککردن، ناچالاککردنەوە و چێککردن) لە ڕێگای ئەپ، کورتەپەیام و پەیوەندیکردن بە ئامێرەکەشەوە مومکین دەبێت.

# راپۆرتی تلێگرام

**١- پێشەکی:**

بە سوودوەرگرتن لە ڕۆبۆت دەتوانین پەیامەکانی ئامێرەکە جگە لە ڕێگای پەیوەندی و کورتەپەیام، لە ڕێگای تلێگرامیشەوە (چەت، گروپ و کاناڵ)

بە شێوەی بێسنوور وەربگرین. بۆ سوودوەرگرتن لە ئەم ڕۆبۆتە، دەبێ یەکەم جار ئامێرەکەتان لە ناو ڕۆبۆتەکەدا پێناسە بکەین. پاشان ئەگەر بتانهەوێ پەیامەکانی ئامێرەکە لە گروپ و کاناڵێکدا ببینن، ڕۆبۆتەکە لە ئەو گروپ و کاناڵدا ADD بکەن.

**٢- چالاککردنەوەی راپۆرتی تلێگرام:**

تکایە پێش کارکردن لەگەڵ ڕۆبۆتەکەدا، لە ئامێرەکەدا و لە منۆی ئیشە ئۆتۆماتیکییەکان و بژاری راپۆرتی تلێگرامدا، یەکێک لەم بژارانەی خوارەوە چالاک بکەن:

بۆ وەرگرتنی پەیامەکانی قوفڵکردن و کرانەوە:

بژاری: تەنها قوفڵ و کرانەوە

بۆ وەرگرتنی ئاگادارکردنەوەکان:


بژاری: تەنها ئاگادارکەرەوەکان

بۆ وەرگرتنی هەردووکیان (هەم پەیامەکانی قوفڵکردن و کرانەوە و هەم ئاگادارکردنەوەکان)

بژاری: هەر دووکیان

قۆناغی دواتر، پاش چالاککردنەوەی یەکێک لە بژارەکانی راپۆرتی تلێگرام لە ئامێرەکەدا، بریتییە لە لە ڕۆبۆتی تلێگرامدا.

بۆ ئەم مەبەستە لە بەشی سێرچی تلێگرام، ناوی ڕۆبۆتی ئامێرەکە بنووسن، بڕۆنە ناو ئەپەکە و پاشان دوگمەی START لێدەن. ناوی ڕۆبۆتی ئامێری فایرواڵ: @FIREWALLF9_BOT






# ڕاپۆرتی تلێگرام

ئێستا بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتەکانی ئامێرەکە لە ڕێگای ڕۆبۆتەکەوە پێویستیمان بە ژمارە زنجیرەی ئامێرەکەوە هەیە کە دەتوانن لە منوی «ڕێکخستنە سەرەکییەکانی ئامێرەکە»
بەشی «ژمارە زنجیرەی ئامێرەکە» دا وەدەستیبخەن.

پاشان لە ڕۆبۆتەکەدا بژاری «بەڕێوەبردنی ئامێرەکانی من» هەڵبژێرن.

بژاری «+هەڵبژاردنی ئامێری تازە» هەڵبژێرن.
ژمارە زنجیرەی ئامێرەکەتان بە تەواوی داخڵ بکەن.
وەک: ٥١٢****٨٦٢١١٥٣٥ یەک پیتی ئینگلیزی (U,V,...)

ئێستا کۆدێکی پشتڕاستکرنەوەی ٥ ژمارە کە بۆ سەرۆکی ئامێرەکە دەنێردرێت . ئەم پیتە لە ڕۆبۆتەکەدا داخڵ بکەن و چاوەڕێ بکەن تا ئامێرەکە لە ڕۆبۆتەکەدا تۆمار دەکرێت.

❗ ژمارە زنجیرەکە و کۆدەکە حەتمەن دەبێ بە ئینگلیزی بنووسرێن.


وەرگرتنی دوو پەیامی «ئامێرەکە بە سەرکەوتوویی تۆمار کرا» و «لیستی ئامێرەکان» ، پیشان دەدات کە کرداری تۆمارکردنی ئامێرەکە تەواو بووە و لەمەبەودوا پەیامەکان بۆ چەتی تایبەت لە ڕۆبۆتەکەدا دەنێردرێن. بۆ بەکارهێنانی ئەمانەی خوارەوە، بەشی «بەڕێوەبردنی ئامێرەکانی من» بەکاربهێنن:

١- گۆڕینی ناوی ئامێرەکە
٢- دیتنی لیستی ئەو ئامێرانەی بەم ڕۆبۆتەوە پەیوەست کراون
٣- سڕینەوەی ئامێرەکە.
بە لێدانی دووگمەی «گەڕانەوە بۆ منۆی پێشوو» دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ منۆی سەرەکیی ڕۆباتەکە.

**٣- وەرگرتنی ڕاپۆرتەکان لە ڕێگای گرووپی تلێگرامەوە:**


بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتەکان لە ڕێگای گرووپی تلێگرامەوە، پاش دروستکردنی گرووپەکە و ئەددکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە بە پێویستیان دەزانین، دەچینە ناو بەشی ڕێکخستنی ڕۆبۆتەکە و پاش هەڵبژاردنی بژاری ADD GROUP، ڕۆبۆتەکە لە گرووپەکەدا ئەدد دەکەین.

❗ هەموو ئەو کەسانەی ناو گرووپەکەدا ئەددتان کردوون دەتوانن پەیامەکانی ئامێرەکەتان ببینن.





## ۴- وەرگرتنی ڕاپۆرتەکانی ئامێرەکە لە زلگروپەکانی تلێگرامدا:


دەرفەتی ناردنی پەیامەکانی ئامێرەکە بۆ زلگروپ (SUPER GROUP) یش لە بەردەستدایە.
بۆ ئەم مەبەستە دەبێ ڕۆبۆتەکە ئەدد بکەنە ناو زلگروپەکەتاندا یان ئەوەی گروپەکەتان بگۆڕن بۆ زلگرووپ.
❗ هەموو ئەو کەسانەی ناو زلگرووپەکەدا ئەددتان کردوون دەتوانن پەیامەکانی ئامێرەکەتان ببینن.




## ۵- وەرگرتنی ڕاپۆرتەکانی ئامێرەکە لە ڕێگای کانالی تلێگرامەوە:

بۆ وەرگرتنی پەیامەکانی ئامێرەکە لە ڕێگای کانالەوە، دەبێ سەرەتا کانالێکی تلێگرامی دروست بکەن.
بۆ دروستکردنی کانال دەبێ لە بەشی ڕێکخستنی تلێگرامەکەتاندا NEW CHANNEL هەلبژێرن. پاشان ناوی کانالەکەتان بنووسن و بژاری ✔ لێدەن.





❗ تێبینیی زۆر گرنگ: لەم بەشەدا حەتمەن دەبێ کاناڵەکەتان بخەنە حاڵەتی «گشتی» ـەوە (پاش تەواوبوونی تەواوی قۆناغەکان و وەرگرتنی پەیام لە کاناڵەکەدا، لە بەر هۆکارە سێکۆرێتییەکان دەبێ حەتمەن کاناڵەکە لە حاڵەتی «گشتی» ـەوە بگۆڕنەوە بۆ حاڵەتی «تایبەت»). لە بەشی ).

لە بەشی LINKدا، ناونیشانی بەشدارییەکەتان بە دڵخواز داخڵ بکەن و پاشان بژاری ✓ لێدەن.


حاڵەتی گشتی ⟶

حاڵەتی تایبەت ⟶


ناونیشانی بەشدارییەکەتا ن ⟶






لەم قۆناغەدا ئەو ئەندامانەی دەتانەوێ، ئەدد بکەن و پاشان بژاری ✓ لێدەن.




پاشان بچنە ناو بەشی ڕێکخستنی کاناڵەکەدا و لە بەشی ADMINISTRATORS ـدا، ڕۆبۆتی
@FIREWALLF9_BOT ـی وەک ئەدمین پێی‌زیاد بکەن.
سەرنج بدەن کە بژاری POST MESSAGES حەتمەن چالاک بێت.




پاشان بچنە ناو ڕۆبۆتی ئامێرەکەوە و لە بەشی بەڕێوەبەرایەتی کردنی گروپ و کاناڵدا بژاری
«+ تۆمارکردنی کاناڵی تازە» هەڵبژێرن.
ئێستا ناونیشانی بەشدارییەکەتان داخڵ بکەن.
وەک: @FIREWALLF9_BOT CHANNEL
پاش وەرگرتنی پەیامی «کاناڵی @FIREWALLF9_BOT CHANNEL بە سەرکەوتوویی تۆمار کرا»
، چیتر کاناڵەکەشتان دەتوانێ پەیامەکانی ئامێرەکە وەربگرێت.

# راپۆرتی تلێگرام

❗ هەموو ئەو کەسانەی ناو کاناڵەکەتاندا ئەددتان کردوون دەتوانن پەیامەکانی ئامێرەکەتان ببینن.
بۆ بەکارهێنانی ئەمانەی خوارەوە، بەشی «بەڕێوەبردنی گروپ و کاناڵی ڕۆبۆت» بەکاربهێنن:


١- تۆمارکردنی کاناڵی تازە

٢- دیتنی لیستی گروپ و ئامێرەکان

٣- سڕینەوەی کاناڵ و گروپ

**٤- پووچەڵکردنی ئەندامێتی:**

تکایە ئاگادار بن کە کاتێک بتانهەوێ ناردنی ڕاپۆرتەکانی ئامێری فایروال بۆ تلێگرام ڕابگرن، یەکێک لە گرنگترینی ئەو کارانەی کە دەبێ بیکەن ئەوەیە کە چیتر ئەندامی ڕۆبۆتی تلێگرامی ئامێرەکە نەبن.
بۆ ئەم مەبەستە بچنە ناو ڕۆبۆتەکەوە و بژاری «پووچەڵکردنی ئەندامێتی» لێدەن.




پاشان لە منۆی ئیشە ئۆتۆماتیکییەکانی ئامێرەکەدا، ڕاپۆرتی تلێگرام ناچالاک بکەنەوە.

KU.FIREWALLCO.BIZ